# سۆسیالیزاسیونی منداڵ هەتا پێش قۆناغی هەرزەکاری

م. کاوە جەلال قادر
سکولی زانستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی راپەڕین

## پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیەی سۆسیالیزاسیۆن تەرخانکراوە بۆ قۆناغێکی پێگەیشتنی مرۆڤ کە قۆناغی منداڵییە لە زایینەوە هەتا پێش هەرزەکاری. لێکۆڵینەوەکە خەریکبوونە لەتەك پرۆسەی سۆسیالیزەکردنی مرۆڤدا وەك بوونەوەرێکی گەردوونی، کە دەبێت لەنێو کۆمەڵدا بژی، کە پێدەگەیەنرێت و ئەویش دەبێت کەسێتیی خۆی پێبگەیەنێت. بێگومان ئاشکرایە توێژینەوەی سۆسیالیزاسیۆن بەرهەمێکی خۆرئاوایە، لێرەشدا دەشێت کار بە دەستکەوتە هەمەلایەنییەکانی توێژینەوەی سۆسیالیزاسیۆن بکرێت، یان فاکتەرە گرنگەکانی سۆسیالیزاسیۆن بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوە کە زۆر جار هەر یەکەیان بۆ خۆی بنەمای مێتۆدێکی پسیکۆلۆژییە، بەڵام لێرەدا مەرج نییە ئەو مێتۆدە کرابێت بە رێگەبڕینی هزریانەی لێکۆڵینەوەکە. بۆ نموونە ئێمە پابەند بە سۆسیالیزەکردنی منداڵەوە ناچارین جەخت لە پرسیاری فێربوون بکەین بەبێ ئەوەی بەند بین بە تیۆریی فێربوونەوە (پاڤلۆڤ)، پێویستە شکۆفە و وەرفۆرماندنی رەفتار ئاشکرا بکەین، بەڵام مەرج نییە لێرەدا رەفتارگەرایی (واتا بێهاڤیۆریزم کە دەمێکە شکستی هێناوە) وەربگرین، هاوکات پێویستە رووبکەینە پرسیاری ئاوەڵابوونی بیرکردنە و زمان لەلای منداڵ، بەڵام ئەمە وەرگرتنی مێتۆدی مەئریفە (cognition) نییە. مێتۆدی ئەم لێکۆڵینەوەیە شرۆڤەیی رەخنەییە، هەروەها پنتی لێوەدەرچوونەکەی وەرگرتنی مرۆڤە بە شێوەیەکی کۆنکرێت نەك ئەبستراکت، واتا مرۆڤێك کە هەمیشە بەندە بە ژینجیهانێکی تایبەتییەوە و ئەو ژینجیهانە مۆرك بە کەسێتی و رەفتاری ئەو دەدات، بەڵام ئەویش بە کردار و رەفتار و شێوازی هزرینی خۆی کاریگەری لەسەر ئەو ژینگەیە دەنوێنێتەوە کە ئەو تێیدا دەبزوێت، جگە لەوە لێکۆڵینەوەکە رەچاوی "دەستکەوتەکانی توێژینەوەی مەیدانی ناکات"، بە واتایەکی دی، نێوەندێکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی تایبەتی وەك نموونە وەرناگرێت، بەڵکو تەنیا لە بواری تیۆریدا دەمێنێتەوە، بەڵام گەر بۆ دەربڕینێك نموونەی ئەزموونی (ئەمپیری) پێویست بێت، ئەوا ئەو نموونەیە تەنیا لە پەراوێزدا دەهێنرێتەوە.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشداریکردنە لە دانوستاندنی ئەکادیمیانەدا سەبارەت بە گەشەی کەسێتی کە لە خێزانەوە سەرچاوەدەگرێت و لە فێرگە درێژەی پێدەدرێت، هەروەها سەبارەت بە پرسیاری فێرکاری کە لە بەشە زانستیەکانی وەك سایکۆلۆژی، کۆمەڵناسی و فەلسەفە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت، کەواتە پرسی سۆسیالیزاسیۆن بایەخی کارەکیی هەیە بۆ کێشە پراکتیکییەکانی کۆمەڵی کوردیی هەرێم، ئەمەش لە چەند روویەکەوە: وەك بەرهەمهێنانەوەی کەسێتیی سۆسیۆکولتووری لەسەر بنەمای دراوە چەسپێنراوەکان، یان بەردانی منداڵ لە لایەن دایك و باوکەوە و بەجێهێشتنی بۆ خۆشەکردن لە لایەن "پەیوەندییەکانی نێو کۆڵانەوە"، یان پرسیاری پێویستی بۆ ئاگایی پەروەردەیەکی مرۆڤپەروەرانەی منداڵ و هتد، ئەوجا کێشەی سۆسیالیزاسیۆنی فێرگەیی کە منداڵ بە دەرخکردن

خۆشەدەکات بۆ بەرهەمهێنانەوە نەك کەسێتیی ئەو پێبگەیەنێت و پشتیوانیی بکات بۆ بوون بە کەسێکی بەتوانا و بەرپرسیار و هتد.

## دەروازە

پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆنی تاکەکەس کێشەیەکی تایبەتمەندی مرۆڤییە و بەند نییە بە نێوەندە کۆمەڵایەتییە تایبەتیەکانەوە. ئەم هەقیقەتە مرۆڤییە روون دەبێتەوە، گەر بڕوانین، کە منداڵ لە ساتی هاتنییەوە بۆ نێو جیهان بەندە بە "ئەوانیدی"یەوە و بەبێ لالێکردنەوەی "ئەوان" ناتوانێت خۆی بژێنێت.

لەبەر ئەوەی سۆسیالیزاسیۆن تێگەیەکی (مەفهومێکی) ئاڵۆزە و دەشێت مرۆڤ لە شیمانەی وەرگێڕانییەوە بۆ "بەکۆمەڵایەتیکردن" لە واتا کرۆکییەکەی دووربکەوێتەوە کە بەکەسکردنە، ئەوا سەرەتا لە بەشی یەکەمدا لەژێر ناونیشانی "تێگەی سۆسیالیزاسیۆن"دا هەوڵ دەدەین تێگەکە روونبکەینەوە و هاوکات جیاوازییەکەی لە پەروەردە پیشان بدەین.

بەشی دووەم ("شکۆفەی کەسێتی لە نێوچالاکیدا") روودەکاتە سۆسیالیزەکردنی منداڵ لەنێو خێزان و فێرگەدا. تەوەری یەکەم ("سۆسیالیزاسیۆنی خێزانی پێش فێرگە") لە گۆڕانی کەسێتی دەتوێژێتەوە پابەند بە پەیوەندیی منداڵ و دایك و باوکەوە. بڕگەی یەکەم لەژێر ناونیشانی "منداڵ لە باوەشی خێزان"دا پیشانی دەدات کە چەقی گۆڕانی کەسێتی منداڵ هەمیشە لەو جۆرەی پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندایە کە سەرەتا لە خێزاندا بەردەخرێت. شێوازی خێزانیی سۆسالیزەکردن شەقڵ بە رەفتاری منداڵ دەدات پێش ئەوەی فێری رۆڵی کۆمەڵایەتی بووبێت. لەم رەوتەدا پێداویستییە خۆییەکان، رەمەك و پاڵهێزە (مۆتیڤە) ناخەکییەکان، لە رەوتی وەرگرتنی توخمە سۆسیۆکولتووریەکاندا (وەك زمان و نۆرمەکان) بە چەشنێك کاریان تێدەکرێت کە ئیدی لەلای منداڵ هێدی هێدی کەسێتییەکی سۆسیۆکولتووری سەرهەڵدەدات. بەڵام هاوکات لە سۆسیالیزەکردنی منداڵدا ناتوانین بەسەر "سۆسیالیزاسیۆنی تایبەت بە رەگەزەکان"دا (بڕگەی دووەم) بازبدەین. کوڕان و کچان لە منداڵیدا فێری رەفتاری رۆڵناسا دەبن، ئەوان بەم رێیەوە دەگەن بە شوناسی کەسیی، واتا گەشە دەکەن بۆ بوون بە کوڕ یان بە کچ. راستە کە ئەوان لە رووی بیۆلۆژییەوە وەك کوڕ یان کچ دەزایێنرێن، بەڵام تێڕوانینی ئەوان سەبارەت بە رەگەزی نێر یان مێ بەسروشتی نەدراوە، بەڵکو مەرجی سۆسیالی هەیە. پاشان لە تەوەری دووەمی ئەم بەشەدا ("سۆسیالیزاسیۆنی فێرگەیی") روو دەکەینە رۆڵی فێرگە وەك دامەزراوەیەکی دەوڵەتیی تایبەت بە سۆسیالیزەکردن. منداڵ بەرێی داواکاریی فێرگەییەوە فێری

شێوازی دیکەی ڕەفتارنواندن و کردار دەبێت. ئەرکی فێرگە ئەوەیە کە توانستەکانی (کەفائەتەکانی) وەك نووسین، خوێندنەوە، ژماردن، هەروەها زانستی سروشتی، مێژوویی و ئێستێتیك و هتد، بە منداڵ بگەیەنێت، چونکە ئەو لە ئایندەدا پێویستی پێیانە بۆ ئەوەی بتوانێت داواکارییەکانی پرۆسەی کار بەجێبگەیەنێت.

بەڵام پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن هاوکات لەژێر کاریگەریی "کولتوور"دا روو دەدات. بۆیە لە بەشی سێیەمدا، بە ناونیشانی "کاریگەریی کولتوور لەسەر پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن"، هەوڵ دەدەین دانوستانی ئەم کێشەیە بکەین. روونکردنەوەی "تێگەی کولتوور" (تەوەری یەکەم) پیشانی دەدات کە کولتوور بریتییە لە بونیادی فێربوو و رێکخراوی رەفتار، ئێمە لێرەدا دەگەیەن بە سێکوچکەی کەس-کۆمەڵگە-کولتوور. پاشان لە تەوەری دووەمدا ("رۆڵی کولتوور لە سازاندنی کەسێتیدا") روونیدەکەینەوە کە چۆن کولتوور وەك نێوەندێکی کردار مەرج بۆ نواندنی کردار دادەنێت. ئێمە لێرەدا ئەو شێوەیەی سۆسیالیزاسیۆن دەبینین کە لە لایەن کۆمەڵگەیەکی تایبەتییەوە دەخوازرێت، واتا داخۆ کۆمەڵگە نرخ بە هۆشرایەڵی و ژێرخستنی تاك بدات یان بە سەربەخۆیی و بەدیهێنانی کەسی.

زمان لە پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندا واتایەکی تایبەتی وەردەگرێت. لە بەشی چوارەمدا بە ناونیشانی "گۆڕانی زمان لەلای منداڵ" روو دەکەینە ئەم توخمە کرۆکییەی سۆسیالیزاسیۆن. "زمان وەك دەرکەوتەی تایبەت بە مرۆڤ" (تەوەری یەکەم) لەوە دەکۆڵێتەوە کە زمان دەرکەوتنی شێوازەبوونێکی تایبەتیی مرۆڤە و لە ئاژەڵ جیایدەکاتەوە. کاراییەکانی مێشك فاکتەرێکی سەنترالین بۆ فێربوونی زمان، پێویستە چەند پرۆسەیەکی مەئریفەیی گەشە بە پێش فێربوونی زماندا راببورن کە ئیدی دوای گەیشتن بە ئامادەبوون بۆ زمان، زمان دەتوانێت بەرێی وروژێنەرەکانی شوێنەوارەوە ئاوەڵا ببێت. بەم پێیە ئێمە دەبێت خۆمان بە "فێربوونی زمانی دایك"ـەوە خەریك بکەین (تەوەری دووەم). بڕگەی یەکەمی ئەم تەوەرە روودەکاتە "قۆناغی (Phase) پێش زمان". دەربڕینە دەنگییەکانی منداڵی شیرەمژە کەرەسەی خاون کە لێوەی دەنگە راستەقینەکانی پەیڤین دێنە ئاراوە. منداڵ فێری پەیڤین دەبێت پێش ئەوەی توانستی هزرینی هاتبێتەگۆڕێ. چۆن ئەو ناچارە زۆر داب و نەرێت لە دایك و باوکییەوە فێرببێت، بە هەمان شێوە ناچارە فێرببێت کە چ وشەیەك بە چ بابەتێك دەگونجێت. پاشان لە بڕگەی دووەمدا ("ئاوەڵابوونی زمان لە فێرگە") دەبینین کە فێرکار لە فێرگە رۆڵی دایك و باوك وەردەگرێت، بەڵام ئەو نەك تەنیا بە زمانێکی نووسراو هەوڵ بۆ پێگەیاندنی منداڵ دەدات، بەڵکو شێوازی خۆیی، زمانی ئاخافتنی، کاریگەرییان لەسەر گەشەی منداڵ هەیە.

## بەشی یەکەم: تێگەی سۆسیالیزاسیۆن

ئایا لە چ روانگەیەکەوە دەتوانین پرسی سۆسیالیزاسیۆن بەگونجاوی روونبکەینەوە؟ ئایا پێکهاتەی سروشتیی مرۆڤ پاڵنەرێکە بۆ ئەوە کە تاکەکەس خۆی بە ژینگەکەی بگونجێنێت، وەك چۆن ئالپۆرت بەگوێرەی 'تیۆریی پێکهاتەی ناخەکی' (Dispositionstheorie) جەختی لێدەکات ([1])، یان سۆسیالیزاسیۆن بەڕێی کۆمەڵگەوە وەك پرۆسەیەکی نۆرماتیڤ (معیاری) شیاوی روونکردنەوەیە، وەك دورکهایم دەیبینێت؟ بە دیدی دورکهایم گەرەکە لە سۆسیالیزاسیۆندا " کرۆکێکی دی بە بوونەوەری منگەرا و ناسۆسیالی ساوا بدرێت، کرۆکێك کە بتوانێت ژیانێکی سۆسیال و ئاکاریی بەڕێوەبەرێت" .([2])

گەرچی مرۆڤ بوونەوەرێکە لە سروشتییەوە دەتوانێت خۆی بە ژینگەکەی بگونجێنێت، بەڵام یەکلایەنی دەبێت گەر تەنیا لە پێکهاتەی سروشتیی مرۆڤەوە لە پرسی سۆسیالیزاسیۆن بڕوانین، هاوکات یەکلایەنی دەبێت گەر وای بۆ بچین کە سۆسیالیزاسیۆن لە لایەنێکەوە کە کۆمەڵگەیە، ئاراستەی مرۆڤ دەکرێت و لێرەشدا وەك بابەتێکی بێلایەن یان وەك دەسوێژ بۆ گونجاندن دایدەنێت، بە پێچەوانەوە سۆسیالیزاسیۆن روو دەکاتە مرۆڤ وەك کەسێکی چالاك کە خۆی لە نێوچالاکیدا (Interaktion) دەبینێتەوە. ئەمە لە روویەکی سنووردارەوە بەکۆمەڵایەتیکردنە، بەڵام سۆسیالیزاسیۆن زۆرتر لەمە و بەتایبەتی '**بریتییە لە بەکەسکردن**' (Personalization)، لێرەشدا '**کەس**' واژەیەکە بۆ "رەهەندی هۆشەکیی مرۆڤ و توانای ئەو بۆ لێرەبوون (الوجود)" ([3]). سۆسیالیزاسیۆن وەك بەکەسکردن بریتییە لە "پرۆسەی گۆڕانی تاکەکەس بە ئاراستەی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی (...). تاکەکەس دەتوانێت بەڕێی خەریکبوونی چالاکەوە لەتەك نۆرم و بەها و هەڵوێستی کۆمەڵگەیەك و کولتوورەکەیدا پتر گەشە بکات و ئەرکەکانی هاوڵاتییەکی بەتوانا وەربگرێت" ([4]). ئێمە لێرەدا بەندین بە پرۆسەیەکی سەرجەمییەوە کە لە رەوتیدا تاکەکەسێك، بەڕێی مامەڵەی چالاك یان ناچالاکەوە لەتەك کەسانی دیکەدا، دەگات بە شێوازەکانی رەفتاری سۆسیال و فۆرمە کولتوورییەکان، ئەم شێوازانەش پاشان تایبەتمەندییەکی کەسیی وەردەگرن. بەمەدا دەردەکەوێت کە بۆچی لەنێوان کەسانی کۆمەڵگەیەکی تایبەتیدا، سەرباری کاریگەریی پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن، جیاوازیی درشت هەیە.

بەڵام هەڵە دەبێت گەر باوەڕ بکەین، کە سۆسیالیزاسیۆن تەنیا بەکەسکردنی منداڵە. لە بنەڕەتدا نەك تەنیا منداڵ، بەڵکو کەسی کامڵیش بەدرێژایی ژیانی لەنێو پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندایە، ئەمەش وەك خەریکبوون و ناکۆکی لەتەك ژینگەی کۆمەڵایەتی و دراوە کولتوورییەکاندا یان خۆگونجاندن پێیان. نەك

تەنیا منداڵ، بەڵکو کەسانی کامڵیش لە ڕەفتاریاندا هەندێك جار "چاو لە کەسانی دیکە دەکەن"، هەندێك جار ڕەفتاری ڕەچاوکراو ڕاستەوخۆ دەکەن بە نموونەی کرداری خۆیی، یان هەندێك جاری دی درەنگتر لاسایی دەکەنەوە، چونکە "من"-ی مرۆڤ چەقی پەیوەندییەکانی خۆی لە "ئەوانیدی"دا دیاری دەکات: "هەڵوێستی، هزرینی، پلاندانان و کرداری، هەمیشە ڕووەو ئەوانیدی ئاڕاستە دەدرێن، جا گەر تەنانەت ئەوانیدی لە واقعی دەرەکیی ئەودا " ئامادە نەبن ([5]).

ئێمە پێویستە هاوکات جیاوازی بکەین لە نێوان تێگەی سۆسیالیزاسیۆن و پەروەردەدا. سۆسیالیزاسیۆن پرۆسەیەکە کە لە ڕەوتیدا ئۆرگانیزمێکی مرۆڤیی بە پێکهاتەیەکی بیۆلۆژییەوە گەشە دەکات بۆ کەسێتییەکی بەتوانا بۆ کردار، بەڵام پەروەردە تێگەیەکە "کە لەژێر سەرتێگەی سۆسیالیزاسیۆندایە"، یان "واژەیەکە بۆ هەموو ئەو کردار و ئیجرایانە کە مرۆڤان دەیاننوێنن بۆ ئەوەی کار بکەنە سەر گەشەی کەسێتیی مرۆڤ و پشتگیریی ئەو گەشەیە بکەن بەگوێرەی پێوەری تایبەتمەندی بەهایی" ([6]).

## بەشی دووەم: شکۆفەی کەسێتی لە نێوچالاکیدا ( Interaction )

سۆسیالیزەکردنی منداڵ لە کاتی زایینەوە لەنێو خێزاندا سەرچاوە دەگرێت و لە فێرگە درێژەی پێدەدرێت، لەم ڕەوتەدا منداڵ بەرێی نێوچالاکییەوە فێردەبێت خۆی بە داواکاری و چاوەڕوانیی ئەو گرووپانە بگونجێنێت کە ئەو لەنێویاندایە.

### تەوەری یەکەم: سۆسیالیزاسیۆنی خێزانی پێش فێرگە

### بڕگەی یەکەم: منداڵ لە باوەشی خێزاندا

منداڵ لە یەکەم ساتی هاتنیەوە بۆ نێو جیهان بەندە بە ئەوانیدییەوە و بەبێ لالێکرنەوە و ئاگاداریی ئەوان ناتوانێت خۆی بژێنێت، بۆیە چەقی گۆڕانی کەسێتیی منداڵ هەمیشە لەو جۆرەی پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندایە کە سەرەتا لەنێو خێزاندا دێتە گۆڕێ. لێرەدا جیهانبینیی دایك و باوك، واتا شێوازی هزرین و تێڕوانینیان بۆ جیهان، ڕۆڵی گرنگ لەوەدا دەگێڕێت کە چۆن منداڵەکەیان ئامادە دەکرێت بۆ بوون بە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵ، ئەمەش شەقڵ بە شێوازە تایبەتیەکانی ڕەفتاری منداڵ دەدات پێش ئەوەی فێری ڕۆڵ و نۆرمی کۆمەڵایەتی بووبێت. لە بنەڕەتدا شێوازەکانی سۆسیالیزاسیۆن بەزۆریی سەرەنجامی ئەم جیهانبینیەن: خێزان، جا دەوڵەمەند بێت یان هەژار، شاریی بێت یان گوندی

یان ڕەفتارلادێیی، بە شێوازی هزرینی کاریگەرییەك دەنوێنێت لەسەر جۆری چێبوونی ئەو تاکە کە لە داهاتوودا وەك کردارنوێنێکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت. بۆ نموونە لە خێزانێکی ئۆتۆریتێری باوکسالاریدا پتر ڕەچاوی 'بەخێوکردن' یان 'خۆشەکردن' دەکرێت و هەوڵ دەدرێت منداڵ لەنێو ئەو نەریت و ڕەوشتانەدا ببەسترێتەوە کە باوك و دایك، بێگومان بەزۆری باوك، وەك هەقیقەتی ئەزەلی و نەشیاوی خۆلێلادان سەیری دەکەن. نموونەیەك بۆ شێوازی هزرین بریتییە لە گەیاندنی بنەماکانی ئایینێك بە منداڵ کە ئەو بەهۆی ئاستی شکۆفەی مێشك و بەمەش پێشبینییەکانییەوە ناتوانێت لێیان تێبگات، وەك سەرەنجامی ئەم گەیاندنەش بەزۆریی ترس لە ناخی منداڵدا سەرهەڵدەدات — ترس لەو زاتانە و سزاکانیان کە دەشێت بیکەن بە کەسێکی دەستەمۆ. ئێمە لێرەدا بەندین بە هەقیقەتی بێتواناییەوە وەك تایبەتمەندییەکی منداڵ.

بێتوانایی مرۆڤی منداڵ بریتییە لە کەمایەسییەکی مرۆڤیی کە بەهۆیەوە فێربوون (بە پۆزەتیڤ وەك ئاوەڵاکردنی توانستی هۆشەکی یان بە نێگەتیڤ وەك سنووردانان بۆ توانستی هۆشەکیی منداڵ کە لەو نموونەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت) واتایەکی جەوهەری وەردەگرێت. لە بنەڕەتدا فێربوون لە یەکەم ڕۆژی هاتنی منداڵەوە بۆ نێو جیهان، لە یەکەم گرتنی گۆی مەمکی دایکییەوە بە لێوەکانی، کەواتە لەو کاتانەوە کە منداڵ هێشتا فێرنەبووە تێڕوانین لەسەر شتەکانی ژینگە چێبکاتو وەك پرۆسە ئاوەڵا دەبێت. "فێربوون بەگشتی لەسەر ڕەوتێکی ئۆرگانی ڕوودەدات، ئەویش کاتێك منداڵ گرنگیدانەکانی خۆی بە شێوەیەکی سپۆنتان (عفوی) ئاڕاستەی ئەو جێیانە دەکات کە ئەو لێیان جۆش و شیمانەکانی جووڵە بۆ خاتری ئەو گۆڕانە هۆشەکی و جەستەییانە بەدیدەکات کە لە پێگەیشتندان" (7). کەواتە لە یەکەم ڕۆژی هاتنی منداڵەوە بۆ نێو جیهان شێوەیەکی لێکخشان لە نێوان ئەوی کۆرپە و ژینگەدا (سەرەتا خێزان وەك راسپێرراوی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و پاشان دامەزراوی دیکەی وەك باخچەی منداڵان و فێرگە و هتد) دێتە ئاراوە و نیشانەیە بۆ ئەوە کە منداڵ تەنیا لەنێو کۆمەڵ و کولتوورێکی تایبەتیدا شیمانەی بۆ ئاوەڵابوون هەیە. "کاریگەریی ئەوانیدی لەسەر ڕەفتاری تاك بەوەدا دەردەکەوێت کە زۆربەی ڕەمەك و پێداویستییە مرۆڤییەکان تەنیا لەنێو چێوەیەکی سۆسیالدا شیاوی بەدیهێنانن. بە تایبەتی لە منداڵیدا کە بەها بناغەییە کولتووریەکان سۆسیالیزە دەکرێن، تاك بەندە بە لالێکردنەوەی کەسانی دیکەوە و ناتوانێت بەبێ ئەوان پێداویستیەکانی خۆی ساتار بکات، ئەمەش تەنیا وەرگرتنی خۆراك و پاراستن لە سەرما ناگرێتەوە، بەڵکو هەروەها هێمنکردنەوەی منداڵ بەهۆی پەیوەندییەوە. لەبەرئەوەی ئەم پێداویستیانە بەرێی پەیوەندیی نێویەکیەوە ساتار دەکرێن، ئەوا لە ڕەوتی هەوڵەکانی سۆسیالیزاسیۆندا دەبن بە بناغەی یەکەم ئەزموونەکانی منداڵ. لەم هەوڵە دامەزراوەییە بنەماییەوە، هەروەها لە هەوڵەکانی خێزانی ناوکییەوە کە بەرێیانەوە مەرجی جیاواز بۆ دابینکردنی پێداویستییە

کەسییەکان ئامادە دەکرێن، تایبەتمەندیەکانی رەفتاری کۆمەڵگەیەك سەرهەڵدەدەن و بریتین لە زەمینەی رەفتارەکانی تاکەکەسان و پەیوەندیە نێوکەسییەکان" ([8])

لەنێو چێوەی سۆسیالیزاسیۆندا پێداویستیە خۆییە بناغەییەکان، بە تایبەتی رەمەکەکان (برسێتی، سێکسوالێتی، نووستن)، هەروەها پاڵهێزە (مۆتیڤە) ناخەکییەکان (هەوڵدان بۆ دانپێدانان لەلایەن ئەوانیدییەوە، لالێکردنەوە)، لە رەوتی وەرگرتنی توخمە سۆسیۆکولتووریەکاندا (زمان، نۆرم) بە شێوەیەکی ئەوتۆ کاریان تێدەکرێت، کە ئیدی لە سەرەنجامدا کەسایەتییەکی سۆسیۆکولتووریی وەك سەرەنجامی کاریگەریە نێویەکیەکانی تاك و ژینگەی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە.

بەڵام دەبێت پەیوەست بە کێشەی کاریگەرییەوە دوو ئاراستە دیاری بکەین: لە لایەك گەشە یان بەدگەشەی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی دایك و باوك، هەروەها بۆ پەروەردەکاران (بۆ نموونە فێرکاران)، بەڵام لە لایەکی دی، وەك ئاراستەی دووەم، "منداڵانیش کاریگەری لەسەر دایك و باوك و پەروەردەکاران" و لێرەشەوە "لەسەر سەرجەم گۆڕانی کولتووری" دەنوێنن ([9]). توێژینەوەکان لە بواری (Child effect)دا ئاشکرای دەکەن کە کاریگەریی منداڵ لەسەر دایك و باوك و کێشەی خۆگونجاندن لەکاتی "دووگیانییەوە" سەرچاوە دەگرێت و منداڵان "هەتا تەمەنی پێگەیشتوویی ریزێك ئەرکی گەشەیی دەخەنە بەردەم دایك و باوکیان: زایین، مشووری خۆراك و سەرپەرشتیی مەلۆتکە، ناونووسکردنی منداڵ لە فێرگە، هەڵبژاردنی پیشە" و هتد. ئەم جۆرە ئەرکانە بریتین لە "پەرینەوەی کێشەیی بۆ دایك و باوك، کە لەتەك خۆیاندا دۆخگۆڕیی ئاشکرا لە رەوتی ژیانی رۆژانە و پیشە و هاوسەرێتیدا دەهێنن". ئەو شتانە کە واتای کرۆکییان بۆ ئەوان هەیە، هەروەها بەرپرسیارییەکان، ئەوجا دۆخی ناخەکییان و ئەو شتانەی ئەوان لە ژیانیاندا گرنگییان پێدەدەن، لە رەوتی کێشەکانی گەشەی منداڵەوە بە شێوەیەکی جەوهەری کاریان تێدەکرێت ([10]). منداڵان لە هەموو قۆناغێکی تەمەندا دایك و باوکیان بەرەنگاری روانگە و نرخاندنی "لەرێچکەلادەر" دەکەنەوە ([11]). بەڵام منداڵان هەروەها زۆر جار لە رەوتی فێربوونی فێرگەییدا، هەروەها لە رەوتی ئەزموونیاندا کە بەهۆی پەیوەندییەوە لەتەك منداڵانی دیکەدا دەیکەن، زانینی نوێ بە دایك و باوکیان دەگەیەنن، لێرەشەوە زۆر جار تێڕوانین و هەڵوێستی ژیانیان دەگۆڕن.

## بڕگەی دووەم: سۆسیالیزاسیۆنی تایبەت بە ڕەگەزەکان

سۆسیالیزاسیۆن ڕووداوگەلی ئالۆزتر لەخۆدەگرێت کە دەتوانین ناویان بنێین فێربوونی ڕۆڵ. "ڕۆڵ بریتییە لە (...) نموونەیەك بۆ سەرجەمێتیی ڕەفتار (...): ڕۆڵی ڕەگەزی، ڕۆڵی خزمایەتی، ڕۆڵی پیشەیی و هتد. بەڵام بە فێربوونی ڕۆڵەوە فێربوونی نۆرم و بەها لکاوە"، ئەم نۆرم و بەهایانە "کە چاوەڕوانین و کۆمەڵایەتییانە پێناسەکراون، دەدرێن بە هەڵگرانی ڕۆڵەکە و بۆ ئەوانیش واتای فرمان دەگەیەنن، بۆ ئەوەی بەو چاوەڕوانییانە بگونجێن" ([12]). فێربوونی ڕۆڵ پەیوەست بە ڕۆڵی نێرینە و مێیینەوە ئەو واتایە دەگەیەنێت کە منداڵ "فێر ببێت هێدی هێدی ڕەفتار بنوێنێت و هەست بکات و جیهان راڤە بکات وەك ئەو کەسانەی کە خۆیان لەنێو هەمان جۆری کەسییدا دەبیننەوە" ([13]). تەنانەت لە تەمەنی منداڵیدا کوڕان و کچان فێری ڕەفتاری ڕۆڵئاسا دەبن، ئەوان لە لایەن دایك و باوك، هەروەها هەڵگرانی دیکەی سۆسیالیزاسیۆنەوە، دەنۆرمێنرێن و بەمەش شوێن ی کرداریان دیاری دەکرێت. "یەکەم داواکارییە سادەکان بۆ ئەوە کە چۆن گەرەکە مرۆڤ وەك کوڕ یان کچ ڕەفتار بنوێنێت، لە ڕەوتی ئایندەی پێگەیشتنیاندا و هەروەها تەنانەت لە خودی تەمەنی کامڵیدا تایبەتێتییان پێدەدرێت. بەم شێوەیە تێڕوانینی وشکهەڵهاتوو سەرهەڵدەدەن: بۆ نموونە پیاوان گەرەکە بەهێز و بێسۆز و سەرکەوتوو بن، بەڵام کچان بە پێچەوانەوە لاواز و هەستدار بن و کەسانی دەوریان سەغڵەت نەکەن. ئەم شێوازانەی تێڕوانین تەنانەت لە لای منداڵانی پێنجساڵان هەن (...)" ([14]).

منداڵان لە ڕووی بیۆلۆژییەوە وەك کوڕ یان کچ دەزایێنرێن، بەڵام ئەو پرسیارە کە چۆن ئەوان گۆڕان بە تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکانی ڕەفتار دەدەن یان "ئەوان چ چاوەڕوانییەك بە 'نێربوون' یان 'مێبوون'ـەوە دەلکێنن، ئەمە بە سروشتی نەدراوە. پێشبینی سەبارەت بە مێبوون یان نێربوون مەرجی سۆسیالی هەیە. ئەم پێشبینییە دێتە ئاراوە بەرێی وەرگرتنی پێشدراوە سۆسیالەکان و هەروەها لە خەریکبووندا بە ژینگەوە" ([15]). منداڵ لە یەکەم ڕۆژی هاتنیەوە بۆ نێو جیهان بەرەنگاری چاوەڕوانی و شێوازی ڕەفتاری ڕەگەزی دەکرێتەوە. "دایك و باوك بە زایینی کوڕێکەوە ڕوانگە و ڕەوتی ژیان و هیوا و مشوری جیاوازتر دەلکێنن وەك بە زایینی کچێکەوە. ئەوان (زۆر جار بەبێ ئاگا) بەرانبەر بە شیرەمژەیەکی نێرینە فۆرمی دیکەی نێوچالاکی، یان بزووتنی جیاوازی جەستەیی و گوزارشتی ڕوخسار پیشان دەدەن وەك بەرانبەر شیرەمژەیەکی مێیینە، ئەوان کوڕان جیاواز لە کچان دەپۆشن و هتد. بەم شێوەیە ئەوان لەلای مەلۆتکەی نێر و مێ شێوازی جیای ڕەفتار دەهێننە ئاراوە" ([16]).

لە ڕەوتی ساڵانی سەرەتای ژیاندا چاوەڕوانی و وەڵامدانەوەکان، راڤەی تایبەتیی ڕەفتار، دەسوێژەکان بۆ نواندنی پەستان کە تایبەتمەندیی ڕەگەزییان هەیە، هەمیشە پتر پەرەدەسێنن، کە ئیدی منداڵ زۆرتر

چالاك دەبێت و لە پراکتیکە سۆسیالەکاندا بەشداری دەکات. هاوکات منداڵ لە رووی رەگەزییەوە وردتر دەرکی ژینگە دەکات و راڤەی دەکات. بەم شێوەیە منداڵ لە خێزاندا و بەرێی لایەنە دەرەکییەکانی سۆسیالیزاسیۆنەوە، بۆ نموونە هەڤاڵان، پەرتوکی وێنەیی، تەلەڤیزیۆن، ناوەندی گشتی (شەقام، دوکان، هۆکانی گەیاندن) و رێکلام و هتد، ئەزموونی ئەوە دەکات کە مێبوون یان نێربوون چ واتایەك دەگەیەنێت ([17]).

منداڵ دوای زایین پەیوەندییەکی بەهێزی بە دایکەوە هەیە، چونکە دایك لە پلەی یەکەمدا مشووری منداڵ دەخوات، بەڵام بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێت گۆڕان بە ئاگایی کەسێتیی خۆی بدات، ئەوا دەبێت خۆی هێدی هێدی لە دایك جیابکاتەوە. "ئەم پرۆسەیەی جیابوونەوە لەلای کوڕان و کچان جیاوازە. کچان زۆرتر لە کوڕان لە دایکیان نزیك دەمێننەوە. کچ لێرەدا دەتوانێت بەرێی نزیکییەوە لە دایك هەستێکی بۆ شوناسی کەسیی هەبێت و ئەم هەستە زۆرتر رێ بە بەردەوامی (ئیدامە) و نزیکی دەدات وەك لەلای کوڕان. لێرەوە لای کچان ئەوە وەك سەرەنجام دەکەوێتەوە کە لە لایان ئەدگارەکانی وەك هەستناسکی و هاوهەستیی سۆزمەند" ([18]) سەرهەڵدەدەن. گەیشتن بە شوناسی رەگەزی بریتییە لە پرۆسەی گەشەی منداڵ بۆ بوون بە کوڕ یان بە کچ.

باخچەی منداڵان لەپاڵ خێزاندا بریتییە لە گرنگترین نێوەندەکانی سۆسیالیزاسیۆن بۆ منداڵان لە نێوان تەمەنی سێ تا شەشساڵی ([19]). لێرە نەك تەنیا بە مەبەستی پەروەردەییەوە ژینگەکی تایبەتی و پسپۆڕانە (وەك ئامرازی گەمە، رووی دەرەوە و ناوەوەی بینا و هتد) چێدەکرێت، بەڵکو لێرە منداڵان رۆژانە فێر دەبن کە لە پەیوەندییەکی سۆسیالی گەورەتردا کرداربنوێنن. لێرە زۆر جار پرۆسە رەگەزییەکانی سۆسیالیزاسیۆن بە چەشنێك روودەدەن کە خودی پەروەردەکاران ئاگایان لێیان نییە. ئەوان زۆر جار دەرك بەوەش ناکەن کە چ وێنەیەکی تایبەتیی رەگەزیان هەیە کە رەفتاری خۆییان دیاری دەکات و کاریگەری لەسەر منداڵان دەنوێنێت. کوڕان و کچان لە سەرەتای تەمەنی باخچەی منداڵاندا فێر بوون کە چاوەڕوانییە رەگەزییە تایبەتیەکان چ واتایەکیان بۆ ئەوان هەیە، ئەوان هەروەها گۆڕانیان داوە بە شوناسێکی سەرەتایی سەبارەت بە رەگەزی خۆیان. ئەوان دەزانن کور یان کچ بە چی گەمە دەکات، چ ئەدگارێکی رەفتار بەگشتی بە کوڕان یان بە کچان دەدرێت و هتد.

## تەوەری دووەم: سۆسیالیزاسیۆنی فێرگەیی

منداڵ لایەنی کەم لە تەمەنی شەش ساڵییەوە هەموو رۆژێك، جگە لە رۆژانی پشوو، چەند سەئاتێك لە فێرگە بەسەردەبات و ئەمەش لایەنی کەم نۆ ساڵ دەخایەنێت. منداڵ لەم ماوە درێژخایەنەدا نەك تـەنیا

لــە خۆیــەوە مامەڵــەی جیــاواز لــەنێو فێرگــەدا دەکــات، بــەڵکو هاوکــات لــە رەوتــی پەیوەندییــە نێویەکییەکانــدا، هــەروەها بــەرێی داواکــاریی فێرگەییــەوە، فێــری شــێوازی دیکــەی مامەڵــەکردن و رەفتارنواندن دەبێت، کە پێکڕا گۆڕان بەسەر شێوازە خۆییەکانی کرداری ئەودا دەهێنن.

بۆ نزیککەوتنەوە لە سۆسیالیزاسیۆنی فێرگەیی پێویستە سەرەتا بپرسین کە داخــۆ سیســتەمی فێرکــاری بە چ شێوەیەك پەیوەندە بە کایــەکانی دیکــەی کۆمەڵگــەوە. ئاشــکرایە کاراییــەکی سۆسیالیزاســیۆنی فێرگەیی بریتییە لە گەیاندنی توانست، چونکە فێرگە بۆ ئەوە کارا کراوە کە بــە منــداڵان توانســتەکانی وەك نووسین و ژماردن، زانستی سروشتی و ئێســتێتیك و هتــد بگەیــەنێت، کــە منــداڵان لــە ئاینــدەدا پێویستیان پێیانە بۆ ئەوەی بتوانن داواکارییەکانی پرۆسەی کار بەجێبگەیەنن. ئەرکێکی دیکەی فێرگــە ئەوەیە کە دەرفەت بڕخسێنێت بۆ ئەوەی منداڵ لە رەوتی سۆسیالیزەکردندا شکۆفەی ناخــەکی بکــات و لێرەشەوە بۆی بلوێت گۆڕان بە توانای خۆیی بدات، ئــەوجا لــە کــاری تیمــدا (کۆییــدا) جێگــەی خــۆی بکاتەوە و خۆی بگونجێنێت. دامەزراوەکان کە نوێنەرایەتیی بوارە کولتوورییەکان دەکەن، لەوانە زانکۆ، سەنتەرەکانی توێژینەوە، دامەزراوە هونەرییــەکان و یانــەکانی وەرزش، "چــاوەڕوانیی ئــەوە لــە فێرگــە دەکەن کە لایەنی کەم (...) گۆچانێکی تێگەیشتن و گرینگیدان و مەئریفە و توانســت بــۆ نــەوەی نــوێ ئامادە بکات، بەمەش شیمانەی هاتنی منداڵ بۆ نێو رەهەنــدەکانی ژیــانی کولتــووری ئــاوەڵا بکــات" .([20])

ئەرکێکی دیکەی فێرگە لە سۆسیالیزەکردنی منداڵدا ئەوەیە کە هەوڵ بــدات هەڵوێســتی بــەهایی و شێوازەکانی راڤەکردنی پێبگەیەنێت. کەواتە ئەرکی فێرگە لــەم کاراییەیــدا گەیانــدنی کولتــوورە، ئــەم ئەرکە هاوکات بریتییە لە بنیاتنان و گۆڕان بە شوناسێکی کولتووری. بەڵام پێویستە لــەم پەیوەندییــەدا جەخت لە هەقیقەتێك بکەین، واتا "ئەوە کە لە کۆمەڵگــەدا وەك پــۆزەتیڤ، ئــەوەش کــە سیســتەمی سیاسی رەوایــەتیی پێــدەدات، بــۆ نموونــە ســەرکەوتن (نــەجاح) بــەرێی توانســتی بەدیهێنانــەوە، یــان هۆشرایەڵی و هتد، وەك بابەتی سەرەکیی وانــە ناگەیــەنرێن، بــەڵکو لــە لاوە وەك 'پــەیڕەوی شــاراوە' (hidden curriculum)([21]) دەگەیــەنرێن. زۆر جــار خــودی بەشــداریکەران نــازانن کــە ئــەم فاکتــەرە لاوەکییانە چ واتا و شێوازێکی کاریگەرییان هەیە" ([22]).

'پەیڕەوی شاراوە' بە هەمان شێوەی پلانی فەرمیی فێرکاری کارایە لە سۆســیالیزەکردنی منداڵــدا، چونکە 'پەیڕەوی شاراوە' هەموو ئەو ئەزموونە سۆسیالانەی فێربوون لەخۆدەگرێت کە منداڵان لە ژیانی رۆژانەی فێرگەدا دەیانکەن، بۆ نموونە ژیان لە فێرگــە لەوبــەر پلانــەکانی فێرکارییــەوە، یــان رێنومــا و رێساکانی فێرگە کە پلانی فێرگەیی نین، بەڵکو دەســەپێنرێن و کارگــەریی لەســەر رەفتــاری فێرخــوازان

دەنوێنن، ئەوجا چەوساندنەوەی دەربڕینی کتوپڕی پێداویستییە خۆییەکان، یان ریزبەندی لەنێو گرووپدا و دانانی منداڵان لەژێر رکێفی مەبەستەکانی دامەزراوەی فێرکاریدا.

لە 'پەیڕەوی شاراوە'دا چەند رەوشێك هەن کە واتای کرۆکییان هەیە بۆ سۆسیالیزەکردنی منداڵ. کێشەیەکی کرۆکی بریتییە لە فەزا و کات. "ژینگەی فەزایی هێزێکی فۆرمێنەرە" بە کاریگەریی بەهێزەوە لەسەر مرۆڤ. شێوەی بینای فێرگە و پۆلی وانە کاریگەرییان هەیە لەسەر هەستی حەسانەوە و میزاجی فێرخوازان بۆ فێربوون. نەخشەی فێرگە بەڕوونی پیشانی فێرخوازانی دەدات کە پلاندانەرانی بیناکە چ پێشبینییەکیان بۆ فێرگە و وانە هەیە و چۆن ژیانی فێرخوازان دەنرخێنن. هەروەها فۆرمانەدنی ژوورەکانی وانە، بۆ نموونە ریزبەندیی مێزەکان، ئەو هەستە بە فێرخوازان دەدات کە مامۆستایان چاوەڕوانیی چی لە ئەوان دەکەن. بابەتەکانی نێو دامەزراوەی فێرگە تەنیا رێ بە نێوچالاکی و بزووتنی تایبەتی دەدەن: فێرخوازان بۆیان هەیە بڕۆن، دابنیشن یان بووەستن، بەلام بۆیان نییە رابکەن یان پاڵبکەون. بەڵام لەپاڵ کێشەی فەزادا کێشەی کات هەیە. منداڵان بەڕوونی دەبینن کە کاتی فێربوون لەسەر بنەمای ساڵ و رۆژ و سەئات دیاریکراوە، بەڵام ئەوان هاوکات دەبینن کە فێرکاران بە پێچەوانەوە کاتیان هەیە، دەبینن ئەوە فێرکارانن کە پلانەکانی فێرکاری دادەنێن و دەسەڵاتیان هەیە بۆ ئەوەی سەرەتای وانە و کاری تاك یان گرووپ دیاریبکەن ([23]).

رۆڵێکی "'پەیڕەوی شاراوە' بریتییە لە نرخاندنی 'ئەنجامەکان' و بەم رێیەوە کار دەکاتە سەر گەشەی کەسێتی بە سەرەنجامێکەوە کە لە نێوان فێرخوازانی باش و ناباشدا جیاوازی لە هەستی خۆیی و متمانەکردندا بە خۆ سەرهەڵدەدات. ئەو منداڵانە کە ئەنجامی فێرگەیی باشیان هەیە، پێشبینییەکی سەقامگیرتری کەسێتیی خۆیانیان هەیە لەو فێرخوازانە کە کەمتر سەرکەوتوون. کەواتە فێرگە بەهێزتر لە خێزان دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ ئەوە کە فێرخوازان خۆیان بە کەسانی دی بەراورد بکەن، یان دەرك بکەن کە چۆن ئەوان لە لایەن کەسانی دیکەوە دەنرخێنرێن. بەم شێوەیە نرخاندنی بەدیهێنانە فێرگەییەکان دەبێت بە بەشێکی شوناسی کەسیی". ([24])

ئێمە هاوکات لە فێرگە سۆسیالیزاسیۆنی تایبەت بە رەگەزەکان دەبینین، بەڵام لەم پەیوەندییەدا پێویستە لە پێگەیاندنی کوڕان و کچاندا رەچاوی فێرگەی تێکەڵ یان جیاکراوە بکەین. لە سۆسیالیزاسیۆنی فێرگەیی جیای رەگەزەکاندا هەر لە سەرەتاوە دیوارێك لە نێوان منداڵانی نێر و مێدا هەڵدەچنرێت، کە ئیدی لەم تەمەنەوە شێوازەکانی دەربڕینی ئارەزوویان بۆ یەکتری، شەرم لە یەکتری، ناز بەسەر یەکتریدا، سەرهەڵدەدەن، کەواتە لەم تەمەنەوە گەرای کاریگەرییە دەروونییەکان لەسەر کوڕان و کچانی گەنج دادەنرێت، بەم رێیەشەوە فۆرمی باوی رێکخراوی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنرێتەوە. گومانی تێدا نییە کە سۆسیالیزاسیۆنی رەگەزی لە فێرگەی تێکەڵدا نزیکی لە نێوان رەگەزەکاندا

چێدەکات و بەمەش ترس و شەرمی تایبەت بە رەگەزەکان کەمدەکاتەوە، بەڵام لێرەش هێشتا بەبێ ئاگا یان بەبێ مەبەست سۆسیالیزاسیۆنی تایبەتی رەگەزی روودەدات. "کوڕان زۆرتـر لـە کچـان لـە وانـەدا پرسیاریان لێدەکرێت، ستایش یان سەرزەنشت دەکرێن و بەهۆی کەمیی دیسپلینەوە گەڤ دەکرێن. کوڕان زۆرتر لە کچان پەیوەندیی چاویان لەتەك فێرکاراندا هەیە، فەزاییانە لێیان نـزیکترن و زۆرتـر لـە کچـان پرسیاریان لێدەکرێتەوە. بە شێوەیەکی دی ببێـژین: کـوڕان زۆرتـر لـە کچـان ئاگامەنـدییان لـە لایـەن فێرکارانەوە پێدەبڕێت، ئەمەش زۆر جار بە پێچەوانەی مەبەستی دیاریکراوی خودی کامڵەکانەوە(...). بەشداریی کوڕان لە وانەدا پڕبەهاتر دادەنرێت و ئەوان زۆرتر وەك شایانی پشتیوانیکردن دادەنرێن، بۆیـە روودەدات کە زۆرتر لە کچان هاندەدرێن" ([25]).

## بەشی سێیەم: کاریگەریی کولتوور لەسەر پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن

لە سەرەوە کێشەی سۆسیالیزاسیۆنمان لە رووی پەیوەندیی نێوان بکەرانی سۆسیالیزاسیۆن (واتا دایك و باوك و فێرگە) و منداڵەوە دیاری کرد. بەڵام هەروەها کولتووریش فاکتەرێکی گرنگی سۆسیالیزاسیۆنە، چونکە کولتوور وەك کلافەیەك لە بیروباوەڕ و دەسکەوت و ترادیسیۆن، کە هەموویان "پاشین"ـەی کۆمەڵگەیەك پێکدەهێنن، هەمیشە رۆڵی سەروەری خۆی دەنوێنێت و کاریگەرە لەسەر گۆڕانی کەسێتی.

### تەوەری یەکەم: تێگەی کولتوور

کولتوور کە دراوێکی پڕواتایە لە هەر کۆمەڵگەیەکـدا، "بریتییـە لـە کـۆی سـەرجەم بونیادەکـانی رەفتار، هەروەها بریتییە لەو هەڵوێست و بەهایانە کە ئەندامانی کۆمەڵگەیـەکی تایبـەتی بەهاوبەشـی هەیانن و وەك مـیرات دەیانگەیـەنن بـە نـەوەکانی دی" ([26]). کولتـوور "بەشـێکی کرۆکیـی روودانـە کۆمەڵایەتییەکانە"، گـرنگترین کـارایی کولتـوور لەوەدایـە کـە "جـەخت لـە بۆمـاوەی کۆمەڵایـەتی دەکات"، هەروەها لەبەر ئەوەی فۆرم بـە رەفتـاری راسـتەقینە دەدات، ئـەوا کاریگەرییـەکی پێوریانـە (معیاری)ی هەیە، جگە لەوە کولتوور "دەسوێژێکە بۆ چارەسەری کێشە" ([27]).

ئێمە دەتوانین کولتوور بەسەر دوو کایەی سەرەکیدا بەش بکەین: کولتووری ماتەری (مادی) و ناماتەری. یەکەمیان بریتییە لە شکۆفەی ماتەری و تەکنیکیی کۆمەڵگە، واتا سەرجەم ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە ئاستی گۆڕانی زانستی کۆمەڵگەیەك جیانابنەوە. بە پێچەوانەوە کولتووری ناماتەری یان هۆشەکی بریتییە لە نۆرمەکان، جۆرەکانی پێشبینیی ئاوەزمەندانە و نائاوەزمەندانە، وەك پێشبینیی زانستی، بڕوای ئایینی، ئەفسانە و داستانەکان و هتد ([28]).

## تەوەری دووەم: رۆڵی کولتوور لە فۆرماندنی کەسێتیدا

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. تەنانەت مەلۆتکە لەکاتی هاتنیدا بۆ نێو جیهان بەندە بە هاومرۆڤانییەوە. لەبەر ئەوەی مەلۆتکەی شیرەمژە لە لایەن کۆمەڵگەیەکی تایبەتی و نوێنەرەکانییەوە بەکرۆکی کاری تێدەکرێت، ئەوا پرسیارەکە سەبارەت بە گۆڕانی منداڵ پتر روو لەو کۆمەڵگە و کولتوورە دەکات کە ئەو لە نێویدا پێدەگات. "بۆ ئەوەی لە واتای کۆمەڵگەی مرۆڤیی وەك فاکتەری سۆسیالیزاسیۆن بۆ رەفتار تێبگەین، دەبێت خۆمان بە کولتوورەوە خەریك بکەین، چونکە کولتوور گرنگترین دراوە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. کولتوور پێکدێت لە بونیادی فێربوو و رێکخراوی رەفتار کە مۆرکی تایبەتیی کۆمەڵگەیەکن" ([29]).
بێگومان کولتوور نەك بە شێوەیەکی موجەرەد (ئەبستراکت)، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرجەستە بەڕێی نوێنەرەکانییەوە (دایك و باوك، فێرکار، مەلا و هتد) کارا دەبێت. "سیستەمەکانی بڕوا (العقیدة) کە مەرجی کولتوورییان هەیە، هەروەها تێڕوانینە سەروەرەکان سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ، پاشان مەبەستی ژیانی مرۆڤ و پەیوەندیی ئەو بە ژینگە و هاومرۆڤانییەوە، کاریگەرییەکی بەواتایان لەسەر پرۆسەی سۆسیالیزەکردن هەیە. کامڵەکانی هەندێك کولتوور پەروەردەی منداڵ تەنیا وەك کێشەی تێرکردن دەبینن، منداڵان لە کولتووری دیکەدا وەك بابەتی گوێرایەڵی یان بەخێوکردن دەبینرێن، کولتووریش هەیە کە نرخ بۆ تەحقیقکردنی کەسێتیی خۆ و خۆبەدیهێنان دادەنێت" ([30]). کاتێك بەڕێی پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆنەوە هەڵوێست و رەفتاری سۆسیال بە منداڵ دەگەیەنرێن، ئیدی ئەو دەبێت بە ئەندامی کۆمەڵگە، ئەو خۆی بەو نێوەندە دەگونجێنێت و ئەو رەفتارە سۆسیالانە دەنوێنێت کە نێوەندەکە پێیان قایلە.

کولتوورێك کە لە سۆسیالیزەکردنی منداڵدا ئەزموونی کوێیی، واتا بەستنەوەی تاك لەنێو رێنوما دانراوە ترادیسیۆنیەکاندا بەهەند وەربگرێت، ئەوا لەو کولتوورەدا پێگەیشتنی "من"ی کەس رەتدەکرێتەوە،

چونکە کەس پێویستە وەك کەرتی کۆمەڵ رەفتار بنوێنێت و پەیوەندییەکانی دابمەزرێنێت. لە پاشخانی داواکارییە کولتوورییەکانەوە کچان و کوڕان وەك ژنی ماڵ و دایکی ئایندە، یان وەك پیاوی گوێڕایەڵ و دڵسۆز بۆ داب و نەریتی سەروەر، سۆسیالیزە دەکرێن، بەم شێوەیە کچان و کوڕان چاو لە نموونەکانیان دەکەن، نموونەکانیش لە لای کچان بریتین لە هەڤاڵان، دایك و نەنك، پوور و ژنانی دراوسێ و هتد، بەڵام لە لای کوڕان بریتین لە هەڤاڵان، باوك و باپیر، مام و خاڵ و پیاوانی دراوسێ و هتد. سەرەنجامی ئەم چاولێکەرییە یان لاساییە ئەوەیە کە "'من' بە دەگمەن شکۆفە دەکات و بەزۆریی لەنێو چێوەی نێوچالاکیی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، لێرەشدا لە پشتی کردارەکەوە دەمێنێتەوە" ([31]).

## بەشی چوارەم: گۆڕانی زمان لای منداڵ

منداڵ لە پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندا خۆشە دەکرێت داب و نەریتەکانی کۆمەڵ وەربگرێت، هەتا ببێت بە ئەندامێکی گونجاوی کۆمەڵگە، لەم رەوتەشدا ناچار دەکرێت فێری فۆرمە ناسێنراوەکانی ئاخافتن ببێت. گەر منداڵ خۆی بۆ شتێك وشەیەك بدۆزێتەوە، ئەوا کۆمەڵگە ئەو وشەیەی لێوەرناگرێت. کۆمەڵگە بۆ دیاریکردنی شتێکی تایبەتی وشەیەکی دیکەی هەیە، بۆ نموونە چەو، تەرزە. بێگومان وشەدروستکردنەکانی منداڵ بۆ ماوەیەك لە یادمانی لێبوردووی خێزانی ناوکیدا دەمێننەوە، بەڵام ناچەسپێن، بەڵکو هێدی هێدی لەبیردەچنەوە.

### تەوەری یەکەم: زمان وەك دەرکەوتەی تایبەت بە مرۆڤ

ئێمە دەتوانین لە سێ شێوەدا دەرکەوتنی زمان لەنێو مرۆڤدا دیاری بکەین: زمان دەربڕینی ئەو حاڵەتانەیە کە وەك بوونی ئاژەڵی لەنێو دەروونی مرۆڤدا دەژین، زمان دەربڕینی ئەو توانستەیە کە دەتوانێت ناو لە هەموو شتەکانی جیهان بنێت، لە کۆتاییدا زمان دەربڕینی ئەو توانستەیە کە هەوڵ دەدات لەنێو پەیڤیندا بە خودی خۆی بگات و بەم رێیەوە زمان دەبێت بە خەریکبوون لەتەك خودی خۆدا ([32]).

زمان لە پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندا واتای تایبەتی وەردەگرێت. "توانست بۆ ئەوە کە منداڵ سۆسیالیزە بکرێت، بەندە بە توانستی منداڵەوە بۆ سیمبۆل، ئەمیش بەندە بە توانستی زمانەوە". سیمبۆلەکان لە

پەیوەندییە نێومرۆڤییەکاندا "چالاك دەبن و لە دۆخە سۆسیالەکاندا واتای خۆیان وەردەگرن" ([33]).
گومانی تێدا نییە کە کارابییەکانی مێشك فاکتەرێکی سەنترالین بۆ فێربوونی زمان، سەرەڕای ئەمە پێدەچێت زمان بەتەنیا بەند نەبێت بە فێربوونەوە، چونکە "دەبێت چەند پرۆسەیەکی مەئریفیی گەشە بەپێش فێربوونی زماندا راببورن، کە ئیدی دوای گەیشتن بە 'ئامادەبوون بۆ زمان'، زمان بتوانێت بەرێی ورووژێنەرەکانی ژینگەوە ئاوەلاّ ببێت" ([34]). لەم روانگەیەوە زمان لەنێو پرۆسەیەکی نوێکردنەوەدا ئاوەلاّدەبێت، لەم رەوتەدا بونیادە شارراوەکانی زمان دەرفەتی دەرکەوتنیان بۆ دەڕەخسێت کە ئیدی لە کۆتاییدا ناوەرۆکەکانی زمان شیاوی فێربوون و پاراستن دەبن ([35]).
واتای زمان لە رووی پسیکۆلۆژییەوە لەو پرسیارەدایە کە رووەدەکاتە مامەڵەی مرۆڤان لەتەك زماندا، یان ئەو پرسیارەیە کە داخۆ ئەوان لەسەر بناغەی چ پێشمەرجێك و بە چ شێوازێك فێری زمان بن. زمان لەم روانگەیەوە ئامرازە "بۆ ئەوەی کەسێك تێڕوانینێك لەبارەی شتەکان بە کەسێکی دی رابگەیەنێت".
کەواتە زمان کارەکتەری کرداری هەیە و لەم کردارەدا سێ تەوەرە هەن: تەوەرەی خۆیی (کەسێك)، تەوەرەی نێویەکی (ئەویدی)، تەوەرەی بابەتی (لەبارەی شتەکان) ([36]).
بەلاّم هەروەها لە زماندا شێوازی هزرینی کۆمەڵگەیەك دەردەکەوێت. زمانێك چەند هەژار بێت، هزرینی ئەو کۆمەڵگەیەش ئەوەندە سادەیە. لەبەر ئەوەی هزرین و زمان بە شێوەیەکی مێژوویی گۆڕراون و هەردووکیان پێکەوە لەتەك کارەکتەری تایبەتیی کۆمەڵگەیەکدا میراتە سۆسیالەکەیان پێکدەهێنن، ئەوا شێوازی هزرین و زمانی کۆمەڵگەیەك پێکهاتەی کرۆکین لە پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆندا، چونکە "ئەو زمانە کە منداڵ فێری دەبێت، کەمتر زمانی خۆیەتی، بەڵکو بەزۆریی زمانی کۆمەڵگەیە. گەرچی تاکەکەسانی جیاواز دەتوانن سیمای تایبەتی بدەن بە شێوازە چەسپیوەکانی دەربڕین و پەیڤین و واتا، بەلاّم هێشتا هەر ئەم وەرگۆڕینە خۆییانە ناوکێکی هاوبەشیان وەك بناغە هەیە" ([37]). ئێمە دەتوانین، لە رووی سایکۆلۆژییەوە، زمان وەك ئاوێنەی پەیوەندییە سۆسیالەکان ببینین. بە هەر حاڵ "زمان گرنگترین بابەتی سۆسیالیزاسیۆنە" ([38]).

## تەوەری دووەم: فێربوونی زمانی دایك (Mother language)

### بڕگەی یەکەم: قۆناغی پێش-زمان

دەربڕینە دەنگییەکانی منداڵی شیرەمژە بریتین لە "کەرەسەیەکی خاو کە لێوەی هێدی هێدی دەنگە راستەقینەکانی پەیڤین دێنە ئاراوە" ([39]). بەلاّم "پێش ئەوەی قەوارە دەنگی جەختلێکراو وەك وشە دەربکەون، گڕ و گاڵی پیت لە خۆ گر و جەختلێنەکراو کاراییەکی پەیوەندیی زمانیانە وەردەگرن".

منداڵی شیرەمژە لە زاری کامڵەکانەوە دەرك بە قەوارە دەنگی تایبەتی دەکـات و تێگەیشـتنی جـەخت لەم قەوارە دەنگانە پێش پەیڤینی خۆیی دەکەون. "لە فێربوونی زمانی دایکدا، بەرێی پراوەکردنی وشـە و پەیوەندیی نێوان وشەکانەوە، منداڵ لە رەوتی بەمرۆڤبوونی خۆیدا یەکێك لە گـرنگترین هـەنگاوەکان دەنێت" ([40]). بەڵام منداڵی شیرەمژە "لەنێو تاکە ئەزموون و تاکە پەیوەندیدا" نـاژی، "بـەڵکو لـەنێو سەرجەمێتی و بڕی ناکۆتای ژینگەیەکدا دەژی کە هێدی هێـدی خـۆی بـۆ ئـەو دەردەخـات. ئەوانـەش نێوەندی رووداون کە خۆیان بۆ ئەو ئاوەڵا دەکەن" ([41]).

منداڵ فێری پەیڤین دەبێت پـێش ئـەوەی هزرینـی بێداربووبێتـەوە. گەرچـی فێربـوونی بـەواتای زمـان دەکەوێتە ماوەی نێوان سـاڵەکانی سـێیەم و پێنجـەمی ژیـانی منداڵـەوە، بـەڵام منـداڵ لـە تەمـەنی دووساڵییەوە دەستدەکات بە ناونان لە شتەکانی ژینگە بۆ ئـەوەی پێداویسـتییەکانی خـۆی بـە وشـە و رستەی پریمیتیڤ (سەرەتایی) دەربېرێت. ئـەم ئـەدگارەی رەفتـاری مرۆڤیـی بریتییـە لـە "دەرکـەوتنی شێوازێکی بوونی جیاواز لە شێوازی بوونی ئاژەڵ. ئەم شـێوازی بوونـە لەتـەك زمانـدا لـەنێو منداڵـدا بێداردەبێتەوە، چونکە منداڵ بوونەوەرێکی مرۆڤییە، کەواتە توانست و پێداویسـتیی بـۆ زمـان هەیـە" ([42]).

منداڵ ناتوانێت بە زمانی دایك و باوکی بئاخڤێت، بە پێچەوانەوە، چوّن ئەو ناچـارە زۆر داب و نـەریت لە دایك و باوکییەوە فێربېێت، بە هەمان شێوە دەبێت فێربېێت کە چ وشەیەك بە چ بابەتێك دەگونجێت. ئەو دەبێت رێکخستنی وشەکان، شێوازی نووسین و پنتبەندییان فێربېێت. کەواتە "گەشـەی زمـان وەك رووداوێکی سۆسیالیزاسیۆن، لە بناغەوە سروشتێکی دیالۆگیی هەیە. زمان کە لە پەیوەندیی جوتـەنیی دایك-منداڵدا گەیەنراوە، بەرهەمی بەشداریکردنی نێوکۆییـە لـە پراکسیسـی کۆمەڵایەتیـدا، لێرەشـدا دایـك بریتییـە لـە نموونـەی کەسـی رووتێکـراوی سـەرەکی" ([43]). بـەڵام دایـك نـەك تـەنیا هەسـتی خۆشەویستی بە وشە دەردەبڕێت، ئەو هاوکات ناچـارە هەنـدێك داواکـاریی منـداڵ جـارێکی دی بخاتـە فۆرمی وشەوە و ئاراستەی منداڵەکەیان بکات. کەواتە "دایك و منداڵ هەر لە سەرەتاوە پەیوەندییەکی زمانییان هەیە، دایك سەرەتا بەرێی ئەو دیالۆگەوە کە دەبێت بیهێنێتـە گـۆڕێ، جیهـانێکی هاوبەشـی ئەزموون چێدەکات: کاتێك ئەو رەفتاری شیرەمژە راڤە دەکات و واتا بەم رەفتارە دەدات، ئیـدی هێـدی هێدی وا لە شیرەمژە دەکات کە خۆی فێری ئەو جۆرە تێڕوانین و رێسایانە ببێت کە زەمینەی وەرگرتنـی زمان پێکدەهێنن" ([44]). لەم روانگەیەوە "منداڵ بە دابـڕاوی فێـری رێسـاکانی زمـان نابێـت، بـەڵکو سەرچاوەی ئەو رێسایانە لە بونیادگەلی کرداری سۆسیالدایە" ([45]).

ئەو وشانە کە منداڵ سەرەتا بەکاریان دەهێنێت، بریتین لە "یەکایەتیی بەدەر لە گەردانکردنن، لە رووی رێزمانەوە بێفۆرمن (...)، واتا وشەکان لە هەموو حاڵەتەکانی بەکارهێناندا بـەبێ گـۆڕین دەگەڕێنـەوە

لەو شێوەیەدا کە منداڵەکە دروستی کردوون یان وەریگرتوون" ([46]). زمانی سەرەتای منداڵ لە بنەڕەتدا ئەوەیە کە ناودەنرێت "رستەی یەك وشەیی"، ئەم جۆرەی رستە "بە قووڵترین شێوە بەستراوە بە ژیانی سۆسیالی رابوردوو و هەنووکەی منداڵەوە. بەبێ دەستتێوەردانێکی وروژێنەر لەلایەن ئەندامانی نزیکترین ژینگەوە، منداڵ ناتوانێت قۆناغی گر و گاڵ تێبپەڕێنێت". منداڵ لە نیوەی دووەمی تەمەنی دووساڵییەوە هەنگاو دەنێت بە ئاراستەی "رستەی دوو وشەیی"، کە بەزۆری "هەستی دۆخەکی (situativ)" دەردەبڕێت ([47]).

دایك لە گەشەی زمانی منداڵدا ئاگامەندانە رۆڵی فێرکاری زمان وەردەگرێت. ئەم رۆڵە بەتایبەتی لە فۆرمولەکردنەوەدا دەردەکەوێت. بۆ نموونە گەر منداڵەکە بیێژێت 'پکیتەکە بەلۆوە'، ئەوا دایك لێرەدا وەڵام دەداتەوە: 'بەڵێ، پسکیتەکە بەربۆوە'. دایك لە فۆرمولەکردنەوەدا نموونەیەکی دراوی رستە دەخاتە فۆرمی نموونەیەکی دیکەی رستەوە ([48]).

هاوکات فێربوونی زمانی دایك بەچڕی بەندە بە گۆڕانی هزرینی منداڵەوە، لێرەدا رۆڵی ژینگە واتایەکی گەورەی هەیە بۆ ئاوەڵابوونی هزرین. گەر ژینگە دەرفەت بۆ ئاوەڵابوونی منداڵ نەڕەخسێنێت، وەك ئامرازی گەمە، باخچەی منداڵان، دەفتەری منداڵان و هتد، ئەوسا منداڵیی راستەقینەی ئەو بە شێوەیەکی نەرێنی کاری تێدەکرێت و ئەمەش دەبێت بە ئاستەنگێك لە بەردەم ئەوەدا کە منداڵەکە بتوانێت لەتەك جیهانی منداڵانەی خۆیدا بژی و خۆی پێوە خەریك بکات.

## بڕگەی دووەم: ئاوەڵابوونی زمان لە فێرگە

ئاوەڵابوونی پتری زمان لە قۆناغی فێرگەدا دەستپێدەکات. لێرە فێرکار رۆڵی دایك و باوك، بەتایبەتی دایك، وەردەگرێت. گەرچی فێرکار بە زمانێکی نووسراو ئەو رۆڵە وەردەگرێت، بەڵام سەرەڕای ئەمە تێگەیشتنی ئەو بۆ ئەرکی فێرکاری، شێوازی خۆیی ئەو لە فێرکاریدا، زمانی ئاخافتنی، کاریگەرییان لەسەر گەشەی زمانی منداڵ هەیە. ئێمە بەم پێیە دوو تەوەرەی کارا لە گەشەی زمانی منداڵدا لە فێرگە دەبینین: یەکەم زمانی نووسراوە لە کتێبدا کە بە منداڵ دەدرێت، دووەم تێگەیشتنی فێرکار بۆ پیشەکەی و زمانە خۆییەکەی.

زمانی نووسراوەی سادە و گونجاو بە جیهانی هۆشەکیی منداڵ وا دەکات کە ئەندێشەی لە خۆدا فراوانی منداڵ فراوانتر ببێت، ئەمەش گەنجی وشەی منداڵ دەوڵەمەندتر دەکات. لە لایەکی دی زمانی باوی کۆمەڵ بەرێی وەرگرتن و توانستی سروشتیی منداڵەوە بۆ لاسایی لەنێو گەنجی وشەی ئەودا دەچەسپێت. لێرەدا ژینگە راستەوخۆ کاریگەری دەنوێنێت لەسەر هزرین و ئاوەڵابوونی زمانی خۆیی منداڵ، چونکە

"منداڵان لەنێو زمانێکی کولتووریدا پێدەگەن، ئەوان فێری زمانێك دەبن کە بەرێیــەوە روونکردنــەوە و بەهاکانی ئەزموونیان پێدەدرێت و ئەمانیش دەرفەتیان بــۆ دەربڕخســێنن خۆیــان لــە جیهانــدا دەربــبڕن. منداڵان بەرێی پەیوەندیی زمانییەوە رۆڵی خۆیان لــەنێو کۆمەڵگــەدا دەبیننــەوە - کۆمەڵگــە کــە بــە رێککەوتنێکی هاوبەشی بەها دامەزراوە و ئەوان دەبێت فێری بــبن. منــداڵ هــەوڵ دەدات بــەو گرووپــە بگونجێت کە ئەو تێیدا دەبزوێت. ئەو تێگانە (مفهــوم) کــە دەچــنە نێــو زمانــەوە، زۆر جــار دەربــڕینن لەبارەی رووداوی ترادیسیۆنی و دەبن بە تێگەی ئەوتۆ کە بە کوێیی (کــۆللێکتیڤ) ئــەزموونکراون. بــەم شێوەیە زمان بە تێگەکانی کاریگەرییەکی پەروەردەیی وەردەگرێت" ([49]) بە ئاراستەی پێگەیانــدن یــان تێکدانی کەسێتی، چونکە تێگــە موجــەرەدەکانی (ئەبســتراکتەکانی) زمــان، وەك نــاموس، شــەرەف، ئەخلاق و هتد، بەرجەستەی جیهانبینییەکانن، کەواتە پێناسەی جیاوازیان هەیــە، خــودی ئــەم تێگانــە دەشــێت لــە جــۆرێکی پێناســەکردندا وشــە بــن بــۆ دیــاریکردنی لایــەنێکی ئاژەڵیبیانــەی مــرۆڤ کــە سێکسوالیێتییە، کەواتە رووەدەکەنە جڵەوگرتنی جیهانبینیانەی رەمەکی سروشــتی، بــەڵام لــە جــۆرێکی دیکەی پێناسەدا دەشێت وشە بن بۆ هەڵوێستی هۆشەکییانەی مرۆڤ کە لە کــرداری ئــەودا پەیوەنــد بــە مامەڵەکردنیەوە لەتەك هاومرۆڤانیدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە سۆلیدارێتی، راستگۆیی، خۆشەویســتی و هتد.

هەروەها گەر زمانێك زۆر کەم واژەی گونجاوی بۆ بابەتەکانی پێشبینی و هزرین هەبێت، پنتبەندییــەکی ستاندارتی نەبێت، ئەوجا ئەو زمانە پابەند بــە پەیوەندییــە نێومرۆڤییەکانــەوە، بەتایبــەتی پابەنــد بــە پەیوەندییەکانی پیاو و ژنەوە، بریتی بێت لە بەرجەســتەبوونی جیهانبینییــەکی ئــاییني-پیاوســالاری و هتد، ئەوسا هزرین و زمانی منداڵ رواڵــەتی و پرهەڵــە دەبێــت، چــونکە خــودی زمانەکــە لــۆگیکی و مرۆڤدۆست نییە کە یاریدەی بدات لە رەوتــی فێربوونیــدا ئەندێشــە و پێشــبینییە مرۆڤییــەکانی خــۆی ئاوەڵا بکات.

هەروەها بابەت ی نووسراوی وانە، نەك وەرگرتنی وانــە لــە کولتــوورێکی دیکــەوە و ســەپاندنی بەســەر منداڵانــدا، تــەوەرێکی چــالاکە لــە پرۆســەی سۆســیالیزەکردندا، چــونکە نووســراو بــە هــەردوو رووی راگەیاندنی زمانیانەیدا، واتا بە رەچاوکردنی یان نەکردنی کەسێتیی مرۆڤیانەی تاك، کاریگەریی هەیــە پابەند بە هەریەکەی ئەو رووانەوە، بــە واتایــەکی رونــتر، دەشــێت بابــەتی وانــە رەچــاوی جیهــانبینیی منداڵانەی منداڵ و زمانێکی پــەروەردەیی بکــات، هاوکــات دەشــێت رەچــاوی هــیچ کــام لــەم توخمــە زەروورییانەی سۆسیالیزاسیۆنێکی مرۆڤدۆست نــەکات. گومــانی تێــدا نییــە کــە ئــەم حاڵەتــە بایــەخی ئۆبژێکتیی (موضوعي) هەیە، بەڵام ئەمە تەنیا روویەکی مەدالیاکەیە، چونکە بابــەتی وانــە ســەربەخۆ نییە لە تێگەیشتنی فێرکار بۆ ئەرکەکەی، ئەمەش بەوەدا رووندەبێتەوە کە شێوازی تێگەیشتنی ئەو بۆ

پیشەکەی، تێگەیشتنی ئەو بۆ پەیوەندیی فێرکار-فێرخواز، ئەوجا زمانی خۆیی ئەو، راستەوخۆ کاران لە چۆنێتیی وەرگرتنی ئەو بابەتانەدا کە لەنێو کتێبدا تۆمارکراون. گەر فێرکار تەنیا جەخت لە نووسراو بکات و وەرگرتنی لە شێوەی دەرخکردندا بکات بە پێشمەرجی دەرچوون، ئەوسا پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن کارابیەکی پرمەترسی وەردەگرێت، چونکە هەر لە سەرەتاوە سنوورێك لە بەردەم ئەندێشەی لە خۆدا فراوانی منداڵدا دەکێشێت و بە جوینەوەی نووسراوەکان رایدەهێنێت، کەواتە رێی لێدەگرێت هۆشی خۆی لە پەیوەندیی رەخنەیی نێوان خۆی و نووسراودا پێبگەیەنێت و بگات بە خۆدەربرینێکی کۆمەڵایەتی (پەیوەند بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیەوە) و زانستی (پەیوەند بە چالاکبوونییەوە لە بازاڕی کاردا)، ئەم بەدحاڵەتەش لە سەرەنجامدا وا دەکات کە منداڵ دوای کامڵبوونی ببێت بە بار بەسەر سیستەمی سیاسییەوە ([50]).

هاوکات زمانی خۆیی فێرکار راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر منداڵ دەنوێنێت، چونکە منداڵ لە سروشتەوە توانستی لاساییکردنەوەی هەیە: جۆری زمانی خۆیی فێرکار، جا زمانێك بێت کە پاکژە و پابەندی رێزمانە، یان ناوچەیی بێت، ئەوجا خۆدەربرینی ئارام یان جرپنی ئەو و هتد، کاریگەری لەسەر زمانی منداڵ دەنوێنن، چونکە فێرکار لە سۆسیالیزەکردنی منداڵدا جێی دایك و باوك دەگرێتەوە و کارابیەکەی لە زۆر رووەوە بۆ منداڵ گرنگترە لە کارایی سۆسیالیزەکەری دایك و باوك. بێگومان نکۆڵی لەوە ناکرێت کە دایك و باوك بە شێوازی خۆدەربرین و هەوڵی پەروەردەییان، جا خۆدەربرینی پوخت و رەچاوکەری رێزمان بێت یان خۆدەربرینی ناتەواو و ناوچەیی و رواڵەتی بێت، رۆڵێك بۆ ئاوەڵابوونی هۆشی منداڵ دەگێڕن، ئەمەش لە خۆیدا کارابیەکی فێرکارییە کە رووەدەکاتە چۆنێتیی دروستکردنی رستە لە لایەن منداڵەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەرکە سەرەکییەکە لە ئەستۆی فێرگەدایە، چونکە فێرگە دادەمەزرێنرێت بۆ ئەوەی توانست و هەڵوێست بە منداڵان بگەیەنێت کە لە رووی خۆییەوە بۆ ئەوان سوودمەندن و لە رووی کۆمەڵایەتییەوە شیاوی بەکارهێنانن. ئەوان بەو رێیەوە دەتوانن وەك کەسانی پێگەیشتوو ژیانێکی سەربەخۆ بەڕێوەبەرن و هاوکات پێداویستیی کۆمەڵایەتی بۆ داواکارییەکانی بازاڕی کار مسۆگەربکەن.

# پێرست

[1]) بڕوانە:

Allport, G. W.: Persönlichkeit, Meisenheim: Hein, 1960. In: Fröhlich, Werner D.: Wörterbuch zur Psychologie. München 1987, S. 257.

[2]) بڕوانە:

Nestvogel, Renate: Sozialisationstheorien: Traditionslinien, Debatten und Perspektiven. In: Becker, Ruth/ Kortendiek, Beate (Hg.): Handbuch Frauen- und Geschlechterforschung. Wiesbaden 2004, S. 155.
[3]) Stumm, Gerhard / Pritz, Alfred (Hg.): Wörterbuch der Psychotherapie, Wien 2000, S. 503.
[4]) http://www.socioweb.org/lexikon/index.ht.
[5]) Brocher, T.: Das Ich und die Anderen in Familie und Gesellschaft, Oeffingen 1976, S. 7.
[6]) Hurrelmann, Klaus: Einführung in die Sozialisationstheorie, Weinheim Basel 2002, S. 14
[7] ) Bühler, K.: Abriß der geistigen Entwicklung des Kleinkindes, Heidelberg 1967, S. 68
[8]) Mann, Leon: Sozialpsychologie. Weinheim und Basel 1997, S. 18

[9] ) بڕوانە:

Montada, Leo: Themen, Traditionen, Trends, S. 78f. In: Oerter / Montada: Entwicklungspsychologie, Münchem 1987.

پەیوەست بە کاریگەریی جووتسەرییەوە لەنێوان دایك و باوك و پەروەردکاران لە لایەك، منداڵان لە لایەکی دی، کۆنسێپتی جیاواز هەن: سۆسیالیزەکردنی پێچەوانە-چالاك (retroactive)، سۆسیالیزەکردنی جووتلایەنی (bilateral)، سۆسیالیزەکردنی گونجێنەر (ئینتەگراسیۆنال / integrational). بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 79.

[10] ) ebenda, S. 79.
[11] ) ebenda, S. 80.
[12] ) Schmidbauer, M.: Einf. in die Sozialpsychologie, München 1985, S. 43
[13] ) Secord u. Backman: Sozialpsychologie, Frankfurt/M 1980. Zit. Nach Schmidbauer, a.a.O., S. 43.
[14] ) ebenda, S. 43
[15]) Hunger, Ina: Geschlechtsspezifische Sozialisation bis zum Schuleintritt – Hintergründe und Reflexionsanlässe, S. 241. In W. Beudels, N. Kleinz & S. Schönrade (Hrsg.). Bildungsbuch Kindergarten: Erziehen, Bilden und Fördern im Elementarbereich, Dortmund 2010
[16]) Ebenda, S. 241
[17]) Ebenda, S. 242
[18]) Chodorow, Nancy: Das Erbe der Mütter, München 1985, S. 108 f

[19]) باخچەی منداڵان وەك نێوەندێکی گرنگی سۆسیالیزەکردن لە هەندێك ناوچەی کولتووریدا دەگمەنە یان تەواو پیشتگوێ خراوە. بۆ نموونە نەك تەنیا لە قەزا و ناحیە و گوندەکان، بەڵکو هەروەها لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا، زۆرینەی منداڵان بێبەرین لە باخچەی منداڵان و لە کۆڵانەکاندا سۆسیالیزە دەکرێن.

[20]) Klafki, Walter: Gesellschaftliche Funktion und pädagogischer Auftrag der Schule in einer demokratischen Gesellschaft. In: Braun, Karl-Heinz / Müller, Klaus / Odey, Reinhard (Hrsg): Subjekt-Vernunft-Demokratie. Weinheim, Basel 1989, S. 25.

[21]) "پەیڕەوی شاراوە" (hidden curriculum) تێگەیەکە کە ئەنترۆپۆلۆژی کولتووریی فیلیپ و. جاکسن لە نووسینی („Life in Classrooms“, 1968) گۆڕانی پێدا. مەبەست لە وشەی "شاراوە" ئەوەیە کە ئامانجگەلی نهێنی بەبێ ویستی خۆ دادەنرێن و بە راشکاوی دەرنابڕرێن، بەڵکو بەبێ ئاگا لە لایەن فێرکارەوە بەرێی هەڵبژاردنی یەکلایەنەی ناوەرۆکەکانەوە، هەروەها بەبێ گرنگیدان بە ژیانی رۆژانەی فێرخواز لەنێو فێرگەدا، ئەنجام دەدرێن. ژیانی فێرخوازان خۆی لە پشت پلانە فەرمییەکانی فێرکارییەوە دەبینێتەوە.

[22]) Zimmermann, Peter: Grundwissen Sozialisation, Opladen 2003, S. 129
[23]) Ebenda, S. 132
[24]) Ebenda, S. 132
[25]) Ebenda, S. 149f.

[26]) Mann, Leon, a.a.O., S. 16
[27]) König, René (Hrsg.): Soziologie. Das Fischer Lexikon, Frankfurt/M 1967, S. 163
[28]) Ebenda, S. 164
[29]) Mann, Leon, a.a.O., S. 15f.
[30]) Ebenda, S. 23

[31]) جلال، کاوە: کێشەی پەروەردەی فێرکاری لە هەرێمی کوردستان. رەخنە و ئەلتەرناتیڤ. گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژ. 1، سلێمانی 2008 لا 252.

ئێمە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا ئەزموونی کۆیی (کۆلێکتیڤ) دەبینین، ئەمەش سەرباری سەرهەڵدانی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و تەنینەوەی ڕێکخستنی نوێی ژیان. لەنێو ئەم کۆمەڵگایانەدا لە مرۆڤ وەك تاك (ئیندیڤید) ناڕوانرێ، بەڵکو تەنها وەك پیاو و ژن، کوڕ و کچ، باوك و دایك، نەنك و باپیر، پوور و خاڵ و مام و هتد، هەروەها وەك دۆست یان دوژمن و هتد. خۆئاوەڵابوونی تاك بە چەشنێکە، کە ئەو نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان لەتەك پەرەسەندنی تەمەنیدا وەردەگرێ و ئینجا پراکتیزەیان دەکات. بێگومان ئەمە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێ، کە ئەو شێوەیەکی ئازادیی نەبێ، بەڵام ئەم ئازادییە تاکی (ئیندیڤیدوێل) نییە، بەڵکو ئازادیی کردارە، کە لە لایەن کۆمەڵگەوە دەرفەتی پێدراوە. پێدەچێ بتوانین ئەم کێشەیە بەو ڕێیەوە ڕوون بکەینەوە، کە مرۆڤ لە شێوازی هزرینی ئیسلامیدا لەنێو سەرجەمێتیی کۆمەڵدا پێناسە دەکرێ. سەرەنجامی ئەمەیش ئەوەیە، کە "من" بە دەگمەن شکۆفە دەکات و بەزۆریی لەنێو چێوەی نێوچالاکیی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێ، لێرەشدا لە پشتی کردارەکەوە دەمێنێتەوە. بۆیە دەکرێ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی ئیسلامیدا وەك "دۆخگۆڕی" (التغیر) نەك وەك گۆڕان (التگور) دیاری بکرێ. چونکە مەرجی گۆڕان بریتییە لە ئازادیی تاکی. هەتا ئەو ڕادەیەی مرۆڤ وەك تاك دەست نانێتە نێو نۆرم و بەها سەروەرەکانەوە، بەڵکو تەنها بەپێی بەڕێوەبردنی ژیانی دۆخگۆڕیو، لەنێو کاتی دۆخگۆڕیودا، ڕۆڵێك بۆ دۆخگۆڕیی کۆمەڵگا دەگێڕێ، ئەوا ئەو نۆرم و بەها پێشهەبووانە تەنها دۆخگۆڕییان بەسەردا دەهێنرێ، بەبێ ئەوەی لێرەدا ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی بریندار بکرێ. بە پێچەوانەوە هەڵگەڕانەوە کۆمەڵایەتییە قووڵەکان هەمیشە سەرەنجامی دەستتێوەردانی تاك بوون لە کۆمەڵگای ترادیسیۆنی، چونکە مرۆڤ لێرەدا خۆی پێزانانە لە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی پچڕاندووە و پاشان لەتەك ئەو ڕێکخراوەدا کەوتۆتە ناکۆکییەوە. نموونەکانی ئەم تێڕوانینە بریتین لە شۆڕشەکانی فەرەنسی و ڕوسی، یاخیبوونی فێرخوازە زانکۆییەکانی 1968ی ئەورووپا.

[32]) König, Karl: Die ersten drei Jahre des Kindes, Stuttgart 1994, S. 31
[33]) Griese, Hartmut M.: Soziologische Anthropologie und Sozialtheorie, Weinheim Basel 1976, S. 29
[34]) Ebenda, S. 30
[35]) Ebenda, S. 30
[36]) Grimm, Hannelore: Sprachentwicklung: Voraussetzungen, Phasen und theoretische Interpretationen, S. 583f. In: Oerter / Montada: Entwicklungspsychologie, Münchem 1987.
[37]) Lindesmith, A. R. u.a.: Symbolische Bedinungen der Sozialisation, Frakfurt/M, 1983. S. 49
[38]) Berger, Peter L./ Luckmann, Thomas: Die gesellschaftliche Konstruktion der Wirklichkeit. Eine Theorie der Wissenssoziologie, Frankfrt/M. 1972, S. 63
[39]) Bühler, Karl, a.a.O., S. 78
[40]) Ebenda, S. 79
[41]) König, K., a.a.O., S. 27
[42]) Berlson und Steiner: Menschliches Verhalten, Bd. 1, S. 84, zit. n. Griese, Hartmut M., a.a.O., S. 28
[43]) Grimm, Hannelore, a.a.O., S. 599
[44]) Ebenda, S. 600
[45]) Ebenda, S. 600
[46]) Bühler, Karl, a.a.O., S. 86
[47]) Griese, Hartmut M., a.a.O., S. 31
[48]) Grimm, Hannelore, a.a.O., S. 608
[49]) Ebenda, S. 63

[50]) بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم حاڵەتە دەتوانێن نموونەی کۆنکرێت لە هەرێمی کوردستان بهێنینەوە. منداڵان کە دوای قۆناغی هەرزەکاری دەچنە قۆناغی گەنجێتییەوە و ئامادەیی تەواو دەکەن، بەدەگمەن لە رەوتی پرۆسەی فێرکاریدا گۆچانێکی مەئریفییان پێدراوە بۆ ئەوەی بتوانن لە زانکۆدا خۆیان بەگونجاوی بۆ پرۆسەی کار پێبگەیەنن، تەنانەت

زانكۆ بە دەگمەن دەتوانێت ئەو گۆچانەیان پێبدات، چونكە نەك تەنیا نووسراوی فێرگەكان كۆپیی سیستەمی فێركاریی دەوڵەتانی ئەوتۆن كە گۆڕانی زانستی و توكنۆلۆژیا تێیاندا لە ئاستێكی بەرزدایە و منداڵانیش بەنێو پرۆسەیەكی دیكەی سۆسیالیزەكردندا تێدەپەڕن، بەڵكو هەروەها زۆرینەی فێركارانیش تەنیا ئەركێكی پیشەیی مووچەمسۆگەر ئەنجام دەدەن و خۆیشیان بە شێوەیەكی نیوەناچڵ پێگەیەنراون، جگە لەوە فەزای كاركردن، واتا شێوازی دروستكردنی بینا و پڕیی پۆلەكان بارن بەسەر سۆسیالیزەكردنەوە، ئەوجا لەكارخستنی ئۆتۆرێتیی فێركار، ئەوانی ئەوەندەی دی لە كارەكەیان بێزاركردووە، وەك سەرەنجام "بەگشتی" گەنجانی بەدخوو سەریانهەڵداوە كە لە زانكۆ تەنیا دەكرووزێنەوە بەدەست قورسیی بابەتەكانەوە، خۆپیشاندان دەكەن بۆ كەمكردنەوەی ڕێژەی بابەتی وانە، گەر بەهۆی تەمەڵییان یان گرنگینەدانیانەوە بە فێربوونی زانكۆیی دەرنەچن، ئەوا خۆپیشاندان دەكەن و داوای دەرچواندنیان دەكەن، زۆر جار "سیستەمی پەڕینەوە" (عبوور) دەسەپێنن، پاشان كە زانكۆ تەواو دەكەن، بڕوانامەكەیان لە ماڵەوە بە دیواردا هەڵدەواسن، هاوكات لە هەموو جێیەك بە دەنگی بڵند دەیدركێنن كە "لە زانكۆ هیچ فێرنەبوون". ئەمە نموونەیەكە بۆ پرۆسەیەكی سۆسیالیزیۆنی شكستهێناو، كە تێیدا دامەزراوەكانی سۆسیالیزەكردن، وەك خێزان، فێرگە، وەزارەتەكانی فێركاری، بە چالاكی بەشدارن، بەڵام هەروەها میدیاكان كە ڕاستەوخۆ كارگەریی لەسەر پتر گەندەڵكردنی پرۆسەی سۆسیالیزاسیۆن دەنوێنن، چونكە ئەوان زۆر جار خۆكوشتنێك یان خۆپیشاندانی فێرخوازانی تەمەڵ وەك ڕەوا پەخش دەكەن، بەمەش "دەهۆڵ بۆ پەرەدان بە بێسەروبەری و تەمەڵی دەكوتن"، نەك بە پێچەوانەوە لە شێوەی ئاماژەدان یان ڕوونكردنەوە یان هەڤپەیڤین هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی بەدجۆربوونی سۆسیالیزەكردنی خێزانی و فێرگەیی پیشان بدەن و بەمەش بەشداریی نێگەتیڤی خێزان و فێرگە لەو بەدجۆربونەدا بهێننە ئاگایی گشتییەوە.

سەرچاوەکان


- Allport, G. W.: Persönlichkeit, Meisenheim: Hein, 1960. In: Fröhlich, Werner D.: Wörterbuch zur Psychologie. München 1987
- Brocher, T.: Das Ich und die Anderen in Familie und Gesellschaft, Oeffingen 1976.
- Berger, Peter L./ Luckmann, Thomas: Die gesellschaftliche Konstruktion der Wirklichkeit. Eine Theorie der Wissenssoziologie. Frankfrt/M. 1972.
- Bühler, K.: Abriß der geistigen Entwicklung des Kleinkindes, Heidelberg 1967
- Chodorow, Nancy: Das Erbe der Mütter. München 1985.
- Griese, Hartmut M., Soziologische Anthropologie und Sozialtheorie. Weinheim Basel 1976.
- Grimm, Hannelore: Sprachentwicklung: Voraussetzungen, Phasen und theoretische Interpretationen. In: Oerter / Montada: Entwicklungspsychologie, Münchem 1987.

- Hunger, Ina: Geschlechtsspezifische Sozialisation bis zum Schuleintritt – Hintergründe und Reflexionsanlässe. In W. Beudels, N. Kleinz & S. Schönrade (Hrsg.). Bildungsbuch Kindergarten: Erziehen, Bilden und Fördern im Elementarbereich. Dortmund 2010
- Hurrelmann, Klaus: Einführung in die Sozialisationstheorie. Weinheim Basel 2002
- Klafki, Walter: Gesellschaftliche Funktion und pädagogischer Auftrag der Schule in einer demokratischen Gesellschaft. In: Braun, Karl-Heinz / Müller, Klaus / Odey, Reinhard (Hrsg): Subjekt-Vernunft-Demokratie. Weinheim, Basel 1989.
- König, Karl: Die ersten drei Jahre des Kindes. Stuttgart 1994.
- König, René (Hrsg.): Soziologie. Das Fischer Lexikon. Frankfurt/M 1967.
- Lindesmith, A. R. u.a., Symbolische Bedinungen der Sozialisation. Frakfurt/M. 1983.
- Mann, Leon: Sozialpsychologie. Weinheim und Basel 1997
- Montada, Leo: Themen, Traditionen, Trends, S. 78f. In: Oerter / Montada: Entwicklungspsychologie, Münchem 1987
- Nestvogel, Renate: Sozialisationstheorien: Traditionslinien, Debatten und Perspektiven. In: Becker, Ruth/ Kortendiek, Beate (Hg.): Handbuch Frauen- und Geschlechterforschung. Wiesbaden 2004.
- Schmidbauer, M.: Einf. in die Sozialpsychologie, München 1985
- Secord u. Backman: Sozialpsychologie, Frankfurt/M 1980
- Stumm, Gerhard / Pritz, Alfred (Hg.): Wörterbuch der Psychotherapie, Wien 2000.
- Zimmermann, Peter: Grundwissen Sozialisation. Opladen 2003.


سەرچاوەی ئینتەرنێت:


http://www.socioweb.org/lexikon/index.ht.